# رایەکی دی

رەگەز رەشید

رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، لە شوێنێکی دوورە دەستی وەك سۆران گۆڤارێکی لە چەشنی وەك (کۆوار) دەربکرێت.. ئەگەرچی ئێمەی ستافی (کۆوار) هەمیشە پێمان وایە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (سۆران) پێکهاتەیەکی فرە کولتوری و فرە رای جیاوازەو دەیان نەریت و فۆڕمی جیاوازی کۆمەڵایەتی گرتۆتە خۆ، ئەمە جگە لەوەی خاوەن دەیان گەنجی چالاك و خوێندەواری جدییە لە رووی بیرکردنەوە و نووسین، ئەشێت هەر ئەوەش ناچارمان بکا بەردەوام بین لەو هەوڵەو بیر لەکاری جوانتر بکەینەوە..

رەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت، کاتێك دەڵێین لەکاتی ڕێپۆرتکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەو دەڤەرەو بڵاوکردنەوەی لە (کۆوار)، رۆحمان دەکەوێتە دەستمان لە ترسی ئەوەی نەبادە بکەوینە بەر رەحمی توڕەیی خاوەن و خانەوادەی کێشەکە.. هەرچەندە ئەو جۆرە نەریتە ناشارستانییە هەر بەتەنها لێرە ئامادە نییە، بەڵکو هەموو ئەو مینبەرە راگەیاندنانەی، کە پەیامی کۆمەڵایەتی و رەخنەیان هەڵگرتووە، لە هەموو کونجێکی ئەو وڵاتە پێیەوە دەناڵێنن.. بەڵام زێدڕەوەی نابێت ئەگەر بڵێین ئەو دیاردەیە پتر لەو دەڤەرە بوونی هەیە. (مادامەکیٚ پێوانەیەکمان بەدەست نییە بزانین دانیشتوانی سەر بە کام کولتورن و چۆن بیر دەکەنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی تا ئێستا لە کۆڵانێکی ئەو شارە، ماڵ هەیە مۆدێرن و خێزانیش هەیە باوەڕی وایە قوتابخانە سەرچاوەی فەسادکردنی کچەکانیانە!)

_ پرۆفیشیناڵ بوونی (کۆوار) بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بۆچوونی گەلیٚ لە خوێنەران بوو کە لەو ماوەیەدا بەر گوێمان کەوت، بەراستیەکەشی یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە لە داهاتوودا رەنگە (کۆوار) بە خۆیەوە ببینیٚ و خۆی بۆ ئەو پرسانە یەکلا بکاتەوە.. بەڵام ئەگەر تا ئێستا تەواوی لاپەڕەکانی بۆ ئەو پرسە تەرخان نەکردبێت، ئەوا پەیوەندی بەوە هەبووە، کە هەندیٚ جار روبەڕووی زۆرێك لە بابەت بۆتەوە، کە ناچێتە خانەی کۆمەڵایەتی، وەلیٚ لە ڕووی دەربڕین و رەخنەو ئیستاتیکای وێنەوە کارێکی قەشەنگ بووە و (کۆوار) لە بڵاوکردنەوەی کردوویەتییە ئەرکی خۆی.

_ من پێم وایە یەکێك لەو ئەرکانەی کە راگەیاندن پێویستە(بۆ گەڕانەوەی بەها) کاری لەسەر بکا، وێڕای بوێری لە دەربڕین، وەزیفەیەتی لە هەموو ئەو شوێنانە ئامادەگی خۆی دەرخات کە کێشە لێی ئامادەیەو، هەمیشە وێنەیەك بێت لە ریفۆرم و ئاوێنەیەك بێت بۆ نمایشکردنی خەمی کۆمەڵگە.

تێبینی/ لەمەودوا ئەو گۆشەیە گشتگیر دەبێت بە ڕاو بۆچونی نوسەران لە هەمبەر هەر دیدێکی کۆمەڵایەتی.













**کۆوار، کۆواری ئێستا و ئایندە**